

## پیشانگای ئاشتی عەدۆ

# جەژن و فەرمانی ئێزیدی

«دوو جار لە جەژنی جەما و جەژنی چوارشەممە سوورە (چارشەمبا سۆر)، سەردانی شێخان و لالشم کرد، ئەم پیشانگایەم بەرهەمی ئەو دوو سەردانەیە». ئەمە قسەی (ئاشتی عەدۆ)ی وێنەگر بوو، کە ڕۆژی (٢٨/شوبات/٢٠٢٠) لە هۆڵی میدیای بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شێوەکاری لە شاری هەولێر پیشانگایەکی (فۆتۆ- ڤیدیۆ)ی بە ناونیشانی (ئێزدی و ئاڵای ساختە) کردەوە.

خوێندنەوە: تاریق کارێزی

ئاشتی زۆر زیرەکانە ئامانجی پێکاوە، کە لە دەروازەی هەردوو جەژنی جەما و چوارشەممە سوور (چارشەمبا سۆر)ەوە چووەتە نێو وردەکاریی ٧٣یەمین فەرمانی ئێزدییان، واتە دوایین شاڵاوی قڕکردنی ئێزدی کە بە دەستی دڕندەترین ڕێکخراوەی تیرۆریستی ئەم سەردەمە بەڕێوە چوو. پیشانگاکە بۆ خۆی کەرنەڤاڵێك بوو بۆ ناساندنی چەندین لایەنی کولتوورێکی ڕۆحیی دێرینی کوردەواری، کە من لە زاری مامۆستای بیرمەند مەسعوود محەمەدم بیستووە، لە بارەی ئەو کولتوورەوە فەرمووی «ئایینی ئێزدی لە ئایینی زەردەشتی دێرینترە»، ڕەگ و ریشاڵی ئەو کولتوورە ڕەسەنەی کوردستان، بە ڕەنگێکی کاڵتر لە نێو داب و نەریت، هزر و بیر و لە نێو خەیاڵدان و ئەدەبیاتی زارەکیی کورددا بە تەواوی لە کوردستاندا هەستی پێ دەکرێت، بەشێکی زۆری ئەو کولتوورە، لە لای کوردی ئێزدی زۆر بە خەستی و تێر و پڕی ماوەتەوە.

کولتووری ئێزدیاتی بۆ خۆی سامانێکی گرنگی نەتەوەییە، هەڵگری دیدگایەکی کوردستانییە سەبارەت بە گەردوون و ژیان و میتافیزیك، ئەو دیدگایە کوردستان و کورد (وەك نەتەوە و کولتوور و جوگرافیا) دەکاتە ناوەندی گەردوون، ڕاڤە و شرۆڤەیەکی فەلسەفی لە دووتوێی ئاییندا بۆ ژیان دەخاتە ڕوو. هەر لەو ڕوانگەیەوە بۆ داگیر کردنی کەینوونەی مرۆڤی کوردستانی بۆ دوور خستنەوەی لە هەستی شکۆ و داماڵینی لە خۆناسین و خۆ نمایشکردن، نەتەوەکانی دی و داگیرکەرانی کوردستان زۆر دژوارانە هێرشیان بردووەتە سەر ئەو دیدگایە (دیدگای کوردانە و کوردستانیانە بۆ ژیان و گەردوون و میتافیزیك). هەڵبەت دوژمن کە هێرشی هێناوە (هێرشی ڕەشی داعش و حەشدی شەعبی دوایین نموونەن) مەبەستی سڕینەوەی ناسنامە و کولتووری کورد بووە، بۆیەش لە ئاست پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی هێرشەکەیان چڕتر بووە، چونکە ئەوان هەڵگری کولتوورێکی فرە دێرینی گەل و نیشتمانێکن، هێمای کولتوور و ناسنامەیەکن کە بە خەڵکی نیشتەجێی







بیابانی نیمچە دوورگەی عەرەب و بیابانی ئاسیای ناوەڕاست نامۆن، لە ڕوانگەی داگیرکەرانەوە ئێزدیاتی بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەم شاڵاوی سڕینەوەی ناسنامەی خۆماڵیانەی کورد و لە ڕیشە دەرهێنانیەوە.

ڤیدیۆکانی پیشانگاکە، ڕێوڕەسمی هەردوو جەژنی جەما و چوارشەممە سوورەیان پیشان دەدا. من بۆ خۆم چوومەتە لالشی پیرۆز، بەشێك لە ڕێوڕەسمی ئێزدییانم لەوێدا بینیوە، بە کەشی ڕۆحیی ئەو شوێنەی لە ئامێزی چیادا لەنگەری گرتووە، تا ڕادەیەك ئاشنام. گرتە ڤیدیۆکانی ئاشتی عەدو دەرفەتێك بوون کە نیگای بینەر بە دیتنی بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمانە ڕۆشن بێت، ئێزدی لە لالش مەشخەڵی ڕووناکی بە دەستەوە دەگرن، وەك هیمایەك بۆ گەڕان بە دوای ڕاستی و ڕووناکیدا.

پیشانگاکە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، بە گشتی دابەش دەبوو بەسەر سێ تەوەر، یان سێ لایەندا:

یەك: لە دوولاوە ڤیدیۆ ڕێوڕەسمی دوو جەژنی ئێزدییانی نمایش دەکرد.

دوو: چەند تابلۆیەکی قەوارە گەورەی فۆتۆ، یەکیان دەیان دەوڵەت پیشان دەدات، کە بوونەتە چاوگی هەڵــقوڵانی دڕندەیی داعش و، شاڵاویان بۆ سەر خاکی بێگەرد و مرۆڤی شکۆمەندی کورد لە شنگال هێناوە، هاوکات وێنەی بێگەردی پاکیزەکانی بناری چیای شنگالی پیشان دەدا.

سێ: کۆتــەڵێك (پێرفۆرمانس) کە بێگەردی و پاکیزەیی کچانی سپیپۆشی کورد (لە پەیڕەوانی ئایینی ئێزدی) و شــــاڵاوی ڕەش (غەزوو)ی بێئامانی دڕەندەکانی داعش نمایش دەکات.

بە ڕســـتەیەکی کـــورت، ئاشتی عەدۆ بەم پیشانگایەی سەلماندی کە هونەرمەندێکە لە ئاستێکی باڵای هونەردا دێتە ئاخاوتن. کارێکی زۆر چاکە ئەگـــەر ئەم پیشانگایە ببێتە باڵیۆزی گەیاندنی بەشێك لە ژان و برینەیلی بەسۆی وڵات و نەتەوەیەکی تا ئێستا بێ دەوڵەت، واتە لە وڵاتانی بیانیدا نمایش بکرێتەوە.



# سێلینا گۆمێز: سۆشیال میدیا گەنجان وێران دەکات

زۆر لە هونەرمەند و ناودارانی جیهان بۆ بەردەوامیی پەیوەندیی راستەوخۆیان لەگەڵ جەماوەر و بڵاوکردنەوەی دوایین هەواڵ و چالاکییە جۆراوجۆرەکانیان، کاتێک بۆ سۆشیال میدیا تەرخان دەکەن و بە ئاسانترین هۆکاری دەزانن بۆ ئەم مەبەستە.

سیلینا گۆمێزی ئەستێرەی جیهانی تا رادەیەکی زۆر جیاوازترە لە گشت هونەرمەندان، ئەو ئاشکرای کردووە کە لە دڵەوە خۆزگە بۆ نەبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەخوازێت و لەم رووەوە مەرجی زۆی بەسەر بەشداربووەکاندا سەپاندووە، سیلینا کە لە سۆشیال میدیا خاوەنی زیاتر لە ١٧٥ ملیۆن فۆلۆوەرە رایگەیاند: «ئەگەر بتوانم هۆکارێکی دیکەی هاوسەنگ بدۆزمەوە لە جیاتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا زۆر خۆشحاڵ دەبم، بەڵام من راست ناکەم ئەگەر بڵێم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەنجانی ئەم سەردەمەیان وێران نەکردووە، بەڵکو بوونەتە هۆی ونکردنی ناسنامەکەیان»، هاوکات لەبەر ئەو فشارە زۆرەی کە لە ژیانیدا دوچاری بووە و بەم دواییە هەستی پێ کردووە، ئەلبوومە نوێیەکەی ناوناوە(RARE).

پێشتر لە ساڵی ٢٠١٨ سیلینا بۆ ماوەی دوو ساڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دوور کەوتبۆوە، لەم رووە رایگەیاند کە ترسێکی زۆری هەبوو لە دووبارە گەڕانەوە بۆ سۆشیال میدیا، بۆیە ئێستا ئەگەر هەستی کرد پێویستی پێیەتی ئەوا سەیریان دەکات و هیچ کاتیش تەرخان ناکات بۆ دۆزینەوەی شتی نوێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.



# پینیلۆپ کرۆز دژی نەبوونی ئازادیی بیرورایە

لە میانەی ئاهەنگی نمایشکردنی نوێترین فیلمی خۆی بە ناوی (Wasp Network) خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆلیۆد (پینیلۆپ کرۆز) رایگەیاند کە پێویستە دەسەڵاتدارانی هەموو وڵاتان ئازادیی رادەربڕین بۆ هاووڵاتیانیان فەراهەم بکەن و رێگایان لێ نەگرن.

سیناریۆی فیلمی (Wasp Network) لە چیرۆکێکی راستەقینە وەرگیراوە، کە باس لە تۆڕێکی سیخوڕانی کووبا دەکات لە شاری میامیی ئەمریکی، پینیلۆپ لەم بارەوە دەڵێت: «لە میانەی بەشداریکردنم لە فیلمەکەدا هەستم بە کرانەوەیەکی زۆر نەکرد لە بواری ئازادیی رادەربڕین و خستنەڕوو و ئاشکراکردنی داخوازی و پێداویستییەکان، بەتایبەتی لە وڵاتی کووبا کە فیلمەکە تیشکی خستۆتە سەری، ئەمەش زۆر نیگەرانی کردم».

کرۆز دەربارەی بابەتی ئازادیی رادەربڕین زیاتر گوتی: «پێموایە ئێمە لە سەردەمێکین و گەیشتووینەتە ئاستێك کە مرۆڤ لە هەر شوێنێکی جیهان پێویستە زۆر بە ئازادانە گوزارشت لە بیر و راکانی خۆی بکات، بەتایبەتی لە وڵاتێکی سەرنجڕاکێش و جوانی وەك کووبا، چونکە لە ماوەی مانەوەم لەو وڵاتەدا هەستم کرد کە خەڵکەکەی شایەنی ئازادیی زیاترن، ئەوان کەسانی سادەن و خاوەن دڵێکی گەورە و بەهای مرۆڤایەتین، لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە بانگەوازێك ئاراستەی گشت سەرکردەکانی جیهان بکەم، کە نابێ بە هیچ شێوەیەك ئازادیی رادەربڕین لە هاووڵاتیان زەوت بکرێت، چونکە بەپێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمە مافێکی سەرەتایی ژیانە و نابێ هیچ مرۆڤێك لێی بێبەش بکرێت».

جێگای ئاماژە بۆکردنە، پینیلۆپ کرۆز بە رەچەڵەك ئیسپانییە و تا ئێستا بەشداریی لە دەیان فیلمدا کردووە و رۆڵێ پاڵەوانی هەبووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨ لە فیلمی (فیکی کریستیان بەرشەلۆنە) خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەر ئافرەتی یاریدەدەری بەدەستهێناوە. بە ناوبانگترین فیلمەکانی بریتین لە (چەتەکانی دەریا) هەردوو بەشی دەریا سەیروسەمەرەکان ساڵی ٢٠١١ و ئاسمانی ڤانیلا لە ساڵی ٢٠٠١ (فەریدا کاهلو) و چەندین فیلمی دیکە.




# مادۆنا سزا درا

ماڵپەڕێكی جیهانیی تایبەت بە هەواڵی ئەستێرەكان رایگەیاند كە خانمە گۆرانیبێژی ئەمریكی مادۆنا لەلایەن دوو كەسەوە كە سكاڵایەكیان لە دژی تۆمار كرد، رووبەڕووی سزای یاسایی بۆوە، ئەویش بە هۆی ئەوەی درەنگتر لە كاتی دیاریكراو هاتۆتە سەر تەختی شانۆ.
ماڵپەڕەكە ئەوەشی راگەیاند كە ئەو دووكەسە هاوسەر بوون و لە سكاڵاكەیاندا ئاماژەیان بەوە كردووە كە لەو دوو ئاهەنگەی لە مانگی سێپتێمبەر و ئۆكتۆبەری ساڵی رابردوو مادۆنا سازی كردبوون، بەهۆی دواكەوتنی لە هاتنە سەر تەختی شانۆ ئەو دوو هاوسەرە ماوەی چەند كاتژمێرێك چاوەڕێیان كردووە، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی لە بەهای نرخی پلیتی ئاهەنگەكە كەم بێتەوە، هەروەها بووتە هۆی ئەوەی كە نەتوانن لە كاتی دیاریكراودا بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە، بەمەش بووەتە هۆی دواكەوتن لەو فڕۆكەیەی كە بە نیاز بوون گەشتی پێ بكەن.

ئەمە جاری یەكەم نییە كە مادۆنا لەلایەن جەماوەرەكەیەوە رووبەڕووی دادگا دەبێتەوە، پێشتریش لە ساڵی ٢٠١٩ یەكێك لە هەوادارانی سكاڵایەكی هاوشێوەی دژی مادۆنا دایە دادگا و تێیدا بەوە تۆمەتباری كرد، كە بێ ئاگاداركردنەوەی جەماوەر كاتی ئاهەنگەكەی گۆڕیوە.
مادۆنا كاتی خۆی لە بارەی گۆڕینی ئاهەنگەكانی لە فەیسبووك نامەیەكی بڵاو كردەوە وتێیدا گوتبووی: «زۆر داوای لێبووردن دەكەم كارێكی لە ناكاو روویدا كە چاوەڕوان نەكراو بوو، بۆیە كاتی ئاهەنگەكەم گۆڕیوە، ئەگەر شەوانە ئاهەنگێك پێشكەش بكەم، ئەوا هەست بە ئاسوودەیی وخۆشییەكی زۆر دەكەم، دواخستنی ئاهەنگیش بۆ من وەك سزایەك وایە، بەڵام بە هۆی ئەو ئازارە زۆرەی جەستەم كە بەرگەگرتنی زۆر زەحمەتە، ناچارم رێنماییەكانی پزیشك جێبەجی بكەم و بحەسێمەوە». مادۆنا لەم نامەیەدا هۆكار و جۆری ئازارەكانی ئاشكرا نەكرد.

# شانۆی (سێبەری چیا) پەیامێکە بۆ ئەوەی بزانن ئافرەتانمان خاوەن توانا و بەهرەی زۆرن

هیوا سوعاد:

لە چەند ساڵی رابردوودا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر- بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆ، بە بەشداریی دەیان گروپی شانۆیی لە گشت پارچەکانی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی لە هەولێری پایتەخت چەندین فیستیڤاڵی شانۆیی ساز کردووە.

خولی یەکەمی فیستیڤاڵەکە لە ساڵی ٢٠١١ بوو، لە دوو ساڵی دواتریش خولی دووەم و فیستڤاڵ لە ساڵانی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ بەڕێوە چوو، بەڵام دواتر بە هۆی قەیرانی ئابووری و شەڕی تیرۆریستانی داعش وەستا تا لە ساڵی ٢٠١٧ خولی چوارەمی فیستیڤاڵەکە ساز کرا، لە کۆتایی ساڵی رابردووشدا خولی شەشەمی فیستیڤاڵەکە بە بەشداری گرووپە شانۆییەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکووک، چەمچەماڵ، ئەڵمانیا، یابان، پۆڵەندا، دانیمارك، مەغریب، ئوردن و میسر) ساز کرا، هەر لەو فیستیڤاڵەدا رۆژانە چەندین کۆڕی رەخنەیی بۆ نمایشەکان ئەنجام دەدرا.

جگە لە فیستیڤاڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ بەردەوام بە پێی توانای خۆی هاوکاریی گرووپ و تیپە شانۆییەکان بووە بۆ پێشکەش کردنی نمایشی شانۆیی، بەتایبەتی لە بۆنە هونەرییەکاندا، یەکێك لەو نمایشە شانۆییانەی کە بڕیار وایە رۆژی سێشەممە ١٨/ ٢٠٢٠/٢ و رۆژانی دوایی کاتژمێر ٥ی ئێوارە لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆی هەولێر نمایش بکرێت، شانۆیی (سێبەری چیا)یە کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند هیوا سوعاد و لە نواندنی هەریەکە لە (رۆزانا فەرهاد، ویلان سدیق، شەیما فریادە)ـە و بە چەند رۆڵێکی جیاواز بەشداردەبن و ستافی تەکنیکی شانۆگەرییەکەش (هیوا عەلی، رەشید تارق، بێزار سلێمان)ـە و راگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئەو بەرهەمەش سەلام باپیرە و پرۆمۆی ئادەم ئەیامە، (سێبەری چیا) نوێترین بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتیی شانۆی هەولێر- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمە و، بڕیار وایە دوای نمایشەکانی لە هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی ئەورووپا هەنگاو بنێت و شان بە شانی





لــە چەنــد ســاڵی رابــردوودا بەڕێوەبەرایەتیــی گشــتیی رۆشــنبیری و هونــەر- بەڕێوەبەرایەتیــی هونــەری شــانۆ، بــە بەشــداریی دەیــان گروپــی شــانۆیی لــە گشــت پارچەکانــی کوردســتان و عێــراق و وڵاتانــی عەرەبــی و ئەوروپــی لــە هەولێــری پایتەخــت چەندیــن فیســتیڤاڵی شــانۆیی ســاز کــردووە.

چەنــد شــانۆگەرییەکی دیکــە بەشــداری لــە پــڕۆژە هونەرییەکانــی وڵاتــی ئەڵمانیــا بــکات.

هونەرمەنــد هیــوا ســوعاد لەبــارەی ناوەڕۆکــی شــانۆییەکەوە گوتــی: «شــانۆگەرییەکە بــاس لــە مەینەتیــی ســێ ئافــرەت دەکات کــە ئازیزانیــان لــە دەســت دەدەن و لــە ئەنجامــدا بــێ نــاز دەکــەون و تووشــی نەخۆشــی و هیســتیریا و بارێکــی دەروونیــی ناجێگیــر دەبنــەوە، بــەڵام هــەوڵ دەدەن رووبــەڕووی ئــەم دۆخــە ببنــەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا ســەرەڕای بارودۆخــی دەروونــی شــڵەژاویان بۆیــان دەردەکەوێت کــە پیاوانــی چیــا پشــتیان لــە چیــا کــردووە».

ســەبارەت بــەو پەیامــەی کــە لــە رێــگای ئــەو شــانۆگەرییەوە دەیــەوێ بیگەیەنێــت مامۆســتا هیــوا ســوعاد گوتــی: «پەیامــی ســەرەکیی شــانۆییەکە خــۆی لــە وەفاداریــدا دەبینێتــەوە، چونکــە ئەوانــەی پشــتیان لــە چیــا کــردووە، رۆژێــك دێــت بگەڕێنــەوە، جــا ئــەم گەڕانەوەیــان بــە ناچــاری بێــت، یــان لــە وەفــاداری و هەڵوێســتەوە بێــت»، لەبــارەی پەیامــی شــانۆییەکە زیاتــر گوتــی: «ئەمــە پەیامێکــە کــە خەریکــم کاری لەســەر دەکــەم، ئەویــش لەبــەر دوو هــۆ، یەکەمیــان ئەوەیــە کــە لــە کۆمەڵگــەدا ئافــرەت رووبــەڕووی نایەکســانی و گرفتــی زۆر دەبێتــەوە لــە ژیانیــدا، دووەمیشــیان ئەوەیــە کــە لــە رێــگای ئــەو شــانۆییەوە دەمــەوێ ئــەوە بڵێــم کــە ئافرەتانــی خــاوەن بەهــرەی گــەورە هــەن، کــە توانــای زۆر بەرزیــان لــە بــواری شــانۆییدا هەیــە.

لــە وەڵامــی پرســیاری ئــەوەی بۆچــی لــە میانــەی شەشــەمین فیســتیڤاڵی نێودەوڵەتیــی شــانۆ لــە هەولێــر ئــەو شــانۆگەرییە نمایــش نەکــرا؟ مامۆســتا هیــوا ســوعاد گوتــی: پێمــان بــاش بــووە ســەرەتا لــە نمایشــێکی تایبەتــدا نمایشــی بکەیــن، دواتــر ئەگــەر گونجــا بــە نیازیــن لــە پەراوێــزی فیســتیڤاڵدا نمایشــی بکەیــن.

ســەبارەت بــە ئامادەکارییەکانــی بەڕێوەبەرایەتــی شــانۆی هەولێــر بــۆ فیســتیڤاڵەکانی ســاڵی داهاتــوو، هونەرمەنــد هیــوا ســوعاد گوتــی: لــە ئێســتاداخەریکی خــۆ ئامادەکردنیــن و چەنــد گروپێکمــان بانگهێشــت کــردووە بــۆ بەشــداری کــردن، ئەگــەر لــە خولەکانــی رابــردوو هــەر کەموکووڕییەکمــان هەبوویــت، هــەوڵ دەدەیــن لــە خولــی داهاتــوودا ئــەو کەموکوڕییانــە نەهێڵیــن.

